کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-6-2007 23:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەی قاهیرەدا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبەردەم هێرشێکی نارەوای راگەیاندندا ... هادی عەلی

هەولێر

لە سەرو بەندی بەشداربوونی شاندی یەکگرتوو لە کۆبوونەوەکەی کۆتایی مانگی نیسان لە قاهیرە سەبارەت بە کێشەی سیاسی عێراق، کێشمەکێشێکی سیاسیو هەراو جەنجاڵێکی ئیعلامی گەورەی لێ کەوتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەردوو پارتی سەرەکی هەرێم لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، هەڵوێستێکی زۆر توندو چاوەڕواننەکراویان ئاراستەی بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە بەگشتیو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە تایبەتی کرد..
دوا بە دوای ئەوەش لە هەندێ کەناڵی راگەیاندنەوە هێرشێکی توندی راگەیاندن کراوەتە سەری، وێرای تۆمەتبارکردنی بە خیانەتو دژایەتیکردنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، کار لەسەر سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیو کوردستانیەتی ئەم حیزبە رەسەنە دەکرێتو ئاراستەی رەخنەکان لەلایەن هەندێك کەسەوە چووەتە بازنەی دوور لە هەموو پێوەرو ئەخلاقێکی سیاسیو هەڵسەنگاندنێکی بەئینیاف.
ئەڵبەت هەر پارتو لایەنو کەسێك لە هەرێمی کوردستاداندا مافی خۆیەتی راو سەرنجو رەخنەی خۆی هەبێ لەمەڕ بەشداربوونی یەکگرتوو لەو کۆبوونەوەیەداو بەشێوەیەك لە شێوەکانو لە چوارچێوەیەکی سروشتیو مەعقولدا رەخنەو سەرنجەکانی ئاراستە بکات.. ئێمەش لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕوامان بە راو بۆچوونی جیاواز هەیەو بە رێزەوەش رەخنەو رای بەرامبەر وەرئەگرین.. بەڵام کار بگاتە ئەم حاڵەتە نەخوازراوەی کە هەندێ کەس گشت سنورەکان ببەزێننو هەوڵبدەی خەباتو مێژووی پڕ لە سەروەریو هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سفر بکەن، تەنها لەمەڕ بەشداربوونی لە کۆبوونەویەکدا سەیریش لەوەدایە کە ئیسلام بوونی یەکگرتوو وەك رێگرێك لەبەردەم کوردستانی بوونی دا لەقەڵەم بدرێ.. بێ گومان ئەم ئاستە لە رەخنەو پروپاگەندەی سیاسی، جێگای لەسەر وەستانەو پرسیار گەلێك لەسەر عەقڵیەتی سیاسی ئەو کەسو لایەنانە دروست ئەکات.. ئیتر با ئەو کۆبوونەوەیەو بەشداربوون تیایدا قسەو رەخنەش هەڵبگرێت.
خۆ ئەگەر بەو پێ یە بێت ئەوا لە هەرێمی کوردستاندا هیچ لایەنێکی سیاسی نادۆزیتەوە کە خاوەنی زیاتر لە هەڵەیەکو هەڵوێستێکی سیاسی نا دروستو نەخوازراو نەبێت. !!
ئاخر کەی رەوای هەقە مێژووی چواردە ساڵی پڕ لە خزمەتو نیشتیمانپەروەرانەو گەشەداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە وێستگە جیاجیاکاندا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانو عێراقو دەرەوەش دا، لە پێش رووخانی رژێم و دوای رووخانیشی تۆماری کردوونو بووەتە بەڵگە نەویست لای گشت سیاستمەدارانو لایەنە سیاسیەکانو جەماوەری کوردستان بەگشتی.. ئەمڕۆ کەسانێك بە مەرامی ململانێ ی حزبیو هەڵقولاو لە ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەوو بەسەر چوو، بیانەوێت ئەو مێژووە پرشنگدارە کورت بکەنەوە لە تەنها یەك هەڵوێست دا کە ئەویش بەشدار بوونە لە کۆبوونەوەیکدا با ئەو کۆبوونەوەیەش وەك ووتمان قسەو رەخنە هەڵبگرێت.. ؟
هەر چەند یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان زۆر بە خێرایی و دوور لە هەر چاوو راوێك کە هەندێ کەس پروپاگەندەی بۆ ئەکەن، لە هەڵوێستێکی مەسئولانەدا لە پێناو پاراستنی یەکریزی ناوخۆی کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەم هەلو مەرجە ناسەکەدا، ڕاشکاوانە هەوڵێستی وەرگرتو پا بەند نەبوونی خۆی بەو کۆبوونەوەیەو دەرهاویشتەکانی ڕاگەیاند.
ئەوەش چاوەڕوان ئەکرا کە ئەو مەسەلەیە دابخرێتو چیتر پروپاگەندەی لە بارەوە نەکرێت بە پێ ی ڕاگەیاندراوی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان لە (2007/6/6) دا.
بۆیە لێرەدا جێ ی خۆیەتی کە لەبارەی شوناسی نەتەوەییو کوردستانی بوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە هەندێك لە ڕاستی یەکان بیر هەموو لایەن بخەینەوە...
پێش هەموو شتێك ئەندمانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەر ئاستی سەرکردایەتیو کادیرە پێشکەوتووەکانی، هەر لەسەرەتایی سەرهەڵدانی شۆرش لە ساڵی (1961) تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە بەهاری (1991) دا، بەردەوام بەشێك بووین لەو خەڵکە خاوەن هەڵوێستو بە شەرەفەی کوردستان کە بەهیچ شێوەك ڕۆژێك لە ڕۆژان مل کەچ نەبووین بۆ سیاسەتەکانی ڕژێم دژ بە گەلەکەمانو شۆرشەکەییو هەمیشە لەناو جەرگەی ڕووداو مەرگەساتو ئێشو ئازارەکانی گەلەکەماندا بووین، وەك تاکو بنەماڵەش زۆربەمان بەشێك بووین لە شۆرشو پێشمەرگایەتیو دووچاری چەندەها گرتنو ڕاوەدونانو ئاوارەوبوونو مەینەتی بووینەتەوە، بێگومان ئیسلامی بوونمان هۆکاری سەرەکی بووە لەو بوارەدا..
ئەوکاتەش کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانمان وەك لایەنێکی سیاسی کوردستانی ڕاگەیاند، ئامانجی سەرەکیو ستراتیژی ئەو کاتەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بریتی بووە لە بەشدار بوونی ئیجابیو کاریگەر لە جێگیرکردنی ئەزموونی سیاسی گەلەکەمانو بە خۆماڵی کردنی حاڵەتی ئیسلامی کوردستانو خزمەت کردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە ئیسلام چ لەناو هەرێمو چ لە دەرەوەی هەرێم دا.. ئەو ڕاستی یەش ڕۆشن بووە لە لامان کە ئیسلام وەك ئایینو دروشمەکانو سیستەمی بەهاکان ڕاستە کە جیهانیو گەردوونیە، بەڵام وەك پرۆژەی سیاسی پێویستە نیشتیمانیو نەتەوەیی بێتو هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی گەلو نەتەوەکەی خۆی بێتو لە خزمەت هێنانە دی خواستو ئامانجەکانی گەلو نەتەوەیدا کارو خەبات بکات.
هەر لەو ڕوانگەشەوە کێشەی گەلەکەمان بە کێشەی خەڵکو خاك زانیوەو تێکۆشان لە پێناو چارەسەرێکی عادیلانەدا، پێش ئەوەی ئەرکێکی نیشتیمانیو نەتەوەیی بێت، بە ئەرکێکی شەرعیو ئیسلامی خۆمان زانیوە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك لایەنێکی ئیسلامخوازو هەقخواز خۆی بە خەمخۆری کێشەی ڕەوای گەلەکەی ئەزانێتو کردوویەتیە میحوەری ئامانجە ستراتیژیەکانیو پرۆژەی سیاسی ئیسلامی خۆی بەشێکی جیا نەکراوەیە لە حاڵەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستانو بەدیدو تێڕوانینی ئیسلامیانەی ڕەسەنو میانەڕەو و هاوچەرخەوە، لە چوارچێوەی پرنسیپەکانی دیموکراسی دا خەبات ئەکاتو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بەرنامەی سیاسی خۆی داڕشتووەو پەیوەندییە سیاسیەکانی لە ناوەو دەرەوەی هەرێمدا ڕێك خستووە هەڵوێستەکانی وەرئەگرێت.
بەشداربوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کۆنگرەکانی موعارەزەی عێراقی لە ساڵانی پێش ڕووخانی ڕژێمو هەڵوێستەکانی لە ئەنجومەنی حوکمی دوای ڕووخانی ڕژێمو لە گشت پرۆسە سیاسیەکاندا باشترین شاهێدیە لەسەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە.
ئەم بەشدار بوونەشی لە کۆبوونەوەکەی قاهیرەدا، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا هەندێ تێ بینیو ڕەخنە هەڵئەگرێتو ئەکرا سەرکردایەتی یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان بە تایبەتی لە پێش چوونی شاندەکەی بۆ قاهیرە، دوور بینانەترو واقیعبینانەتی سەیری مەسەلەکەی بکردایە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاندی یەکگرتوو لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بەرپرسیارانە هەڵوێستی کوردانەی خۆیان نواندووەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕاو بۆچوونی پێویستیان تۆمار کردووە.

لەم بۆنەیەدا جارێکی تر ڕاشکاوانەو بەرپرسیارانە ئەو ڕاستی یە حاشا هەڵنەگرە بۆ جەماوەری کوردستانو لایەنە سیاسیەکان بە گشتیو ئەندامو لایەنگرانو دۆستانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە تایبەتی دووپات ئەکەینەوە کە یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان لە ئێستاو ئاینەدەشدا وەك حزبێکی کوردستانی ڕەسەنو سەربەخۆو بە ئەمەك بۆ گەلو نیشتیمانی خۆی، شان بە شانی هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان لە پێناو هێنانە دی سەرجەم ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەیدا خەبات ئەکاتو هەمیشە فاکتەرێکی ئیجابیو هەقخوازو بنیاتنەرو دڵسۆزی گەلو وڵاتی خۆی ئەبێت...

قسەو قسەڵۆکی کەسانی نا مەسئوولو چەواشەکارو توندڕەو ناتوانێت ڕووی گەشو پرشنگداری شوناسی پێکەوە گرێدراوی ئیسلامو نەتەوەیی یەکگرتو تەمو مژاوی بکات...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.